www.kurdistannet.org
23-4-2006 14:32 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سێکس پێویستی ژیانە، بەڵام نەک لەنێوان خوشک و برادا!! ... تاڤگە سابیر

ئەگەر مرۆڤ بیەوێت کچێك لە سێکس تێبگەیەنێ، ناتوانێت بەهیچ شێوەیەك وەڵام بداتەوە. لەبەر ئەوەی سنووری ئەو ووشانە وەك سنوورێکی تابوون (محەڕڕەمەن) . لای هەمووومان ڕوون و ئاشکرایە کە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ هەر لە منداڵیەوە خاوەندی غەریزەن. هەردوو ڕەگەزەکەش تەواوکەری یەکترین. دەستدرێژی سێکسی لەسەر کچەکان لەلایەن کەس و کاریانەوە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەست پێکراوە، لەکاتێکدا کارێکی قێزەوون و نادروست و نا مرۆڤانەیە. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕێگە نەدراوە تاکەکان بە ئازادی ڕەفتار بکەن، لە نێو پرۆسەیەکی هەمەلایەنەدا، کە خەفەکردنی حەزو ئارەزووەکانمانە دەژین. مەسەلەکە تەنیا پەیوەست نییە بەلایەنی سێکسەوە، بەڵکە بە هەموو لایەنەکانی تری ژیانەوە. ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی کوردیدا ناتوانین ئازادانە گوزارشت لە خودی خۆمان بکەین. سیستەمی خێزانیمان وایە هەرهەموومان لەیەك ژووردا دەخەوین، خوشك لەتەنیشت براو، باوکیش لەتەنیشت کچ، و دایك لەتەنیشت کوڕەوە. ئەم دیاردەیە گەلێك شت لای منداڵ و هەرزەکارەکان دروست دەکات، کە ناتوانن بەسەریدا زاڵ بن. من لە یەکێك لەسەردانەکانم بۆ سەنتەرێك لەهەولێر، چاوم بە کچێکی جوانکیلە کەناوی (ت) بوو کەوت، کە لەلایەن براکەیەوە دەستدرێژی سێکسی کرابوویە سەری. بەڵام جێگەی داخە!، کە لەماڵەوەیان گوێیان بۆ ڕانەگرتووە، بگرە تاوانباریشیان کردووە. بۆیە منیش پرسیارێکم ئاڕاستە کردوو پرسیم، چۆن ئەو کارەساتە ڕوویداوە؟ ئەویش کەوتە ئاخافتن و ووتی: ئێمە لە بنەماڵەیەك بووین کە لە دوو خوشك و چوار برا پێکهاتبووین، هەمووومان لەیەك ژووردا دەخەوتین. شەوێکیان یەکێك لەبراکانم، هاتە لام، تەقەی یەکەمی لەگەڵ هاوێشتم، کە تەواو بوو ووتی، ئەگەر قسە بکەی ئەوا هەموو ژیانت لەدەست دەدەیت. هەڕەشەی کوشتنی لێکردم، منیش باری دەرونیم زۆر خراپ بوو. بۆ ئەو مەبەستە ویستم سکاڵا لای دایکم بکەم. کاتێك مەسەلەکەم بۆ دایکم گێڕایەوە، ئەویش زۆر تورە بوو منی تاوانبارکرد، ووتی تۆ ئەتەوێت براکەت بەکوشتن بدەی، وە منی لێبوو بە ئەژدیها، نەمئەزانی هانا بۆکێ بەرم کە گوێم لێبگرێ و باوەڕم پێبکات؟ بۆیە هانام بۆ ئەم سەنتەرە هێنا تا گوێم لێبگرن و لە مەسەلەکە بەڕاستی بگەن. بەڵام بەداخەوە!ئەمانیش هیچ هەڵوێستیان نەبوو، بگرە گاڵتەشیان پێدەکردم، وە بەدرۆزن منیان تاوانبارکرد.

ئەو کچە هەرزەکارە فرمێسك لە چاوەکانی ووشك نەدەبوویەوە. بەڵام لەکۆمەڵگەی ئێمەدا دین زاڵە، بۆیە ئەم کاروکردانە بەشاراوەیی دەمێنێتەوە. مەرگەسات ئەمەیە پەردەپۆش دەکرێت، ئەی کام پەردە دەکرێتەوە؟ هەتاکەی کۆمەڵگە عەشایری زاڵ بێت؟ وە ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان ڕۆڵیان نەبێت!تا کۆمەڵگە بەرەوپێشبەرن، وە ڕێگە بە بیری کۆنەپەرستی نەدرێت چیتر.

کام ئاین، یا کام یاسا ئەم کارەساتە هەزم دەکات؟! ئەی کام ڕێکخراوی ئافرەتان و ژنان داکۆکی لەم کێشەیە دەکەن؟یا بەپێچەوانەوە ڕیسواترو گەندەڵتری دەکەن. هەروەك خۆم گوێ بیست بووم، دەیان ووت باش بوو سەردەمی کۆن ژنانیان زیندەبەچاڵ دەکرد. یان دەیان ووت دەبێت کێشەکە بەڕێگەی عەشایری چارەسەر بکرێت.

منیش دەڵێم، ئەی مافپەروەران، ئەی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان، ڕۆڵی ئێوە چییە؟ بۆ لەسەر کورسیەکانتان دانیشتوون، لە کاتێکدا سەدان ئافرەتی وەك ئەو کچە دەبنە قوربانی، هەروەك ئەوەی سزای کوشتنی درا!!!

سوید ئەپریل 2006